# سێ ڕۆژ لە گەڵ تەبلیغییەکاندا:

نووسینی: حەسەنی پێنجوێنی

ئەوشەوەی بۆ بەیانییەکەی هەینی بوو تەبلیغییەکان گوتیان: پاش جومعە دەچینە دەرەوە. بەڵام پاش جومعە برادەرێکیانم بینی گوتی: ئێوارە دەچین، ئیتر نوێژی مەغریبمان لەمزگەوتی (میرەبووکە)[1] بە جەماعەت کرد. پاش نوێژ لەگەڵ دوو برادەری ترا ڕۆیشتین بۆ (بەلەجوورە)[1] بەشوێن برادەرێکی ترا، بەڵام ئەو گوتی لەگەڵ کەسێکی ترا دێت.. ئیتر لەوێوە ڕۆیشتین بۆ (بەلگە)[1] تا ئەو برادەرەی لەتەکمانا بوو پێخەفەکانی هەڵگرێ، و پاشان ڕۆیشتین بۆ مزگەوتی (پێرس)، لەوێ کۆبوونەوەی هەفتانەی تەبلیغییان بوو. نوێژی عیشامان لەوێ بەجەماعەت خوێند، پاش نوێژ کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو، بەناوی ئەمیرەددین[2] دەستی بەقسە کرد و قسەکانی زۆر کاریگەر بوون، پاش ئەوە قەرار درا کە بڕۆین بۆ مزگەوتی (کەنینگ) [1] نەك شاری (ڕۆکنگهام)، پاش ئەوە کە شوورا قەراری خۆیان دا بەرنامە هەڵگیرا بۆ بەیانی، گوتیان: ئیتر ئازادن هەرکەس ئەخەوێ عیبادەت ئەکا شەو هەڵدەستی بۆ تەهەجود، ئەوە کاری شەخصییە و جەماعی نییە. ئێمەش ڕۆیشتین خەوتین، و پێش نوێژی بەیانی هەندێك خەبەری بووەوە و لەو سێیەکی دواینی شەوەدا قیامیان کرد، خوا لێیان قبووڵ بکات.

**شەممە**: 03/10/18 سوپاس بۆخوا ئەم بەیانیە نوێژی بەیانیمان لەمزگەوتی پێرس بەجەماعەت کرد، و شێخ مەحموودی عومران پێش نوێژی کرد، پاش نوێژ ئەهلی تەبلیغ کۆبوونەوەو بەرنامەیان بۆ ئەو ڕۆژە داڕشت کە چی بکەن!! بەرنامەکە بەم جۆر بوو:

1- ئەمیر دیاری کرا.. بۆخاری ئەمیری ئەم گەشتەیە..
2- سەعاتی دەرچوون دیاری کرا.. سەعات هەشت و نیو ئەڕۆینە دەرەوە..
3- نانی بەیانی لەسەعات چەندەو لەکوێ دەخورێ. لەمزگەوتی کەنینگ ولەسەعات نۆدا..
4- بەرنامەی فێرکردن و ڕۆشنبیری. د.یۆنسی سەنگاپووری وتاربێژی ئەڵقەکە دەبێ، و لەسەعات دە تا یانزە و نیو.
5- خەرجی خواردن هەرکەسە لەگیرفانی خۆی دەیدات. هەریەکە پێنج دۆلارمان دا بۆ مەسرەف. و یەکێ کرایە لێپرسراوی پارە هەڵگرتن وخەرج کردن، بۆ خزمەتکردن ئەمیر داوای کرد کێ خۆی تەبەڕروع دەکات؟ هەموو دەستیان هەڵبڕی، و ئەمیر دوانی لێ هەڵبژاردن و خۆیشی وەك یەکێ لەوان کاری ئەکرد..
6- بۆباسکردنی ئادابی گەشتەکە، مەحموود نووح دیاریکرا، تا پاش نوێژی عەصر هەستێت بەوکارە.
7- یەکێك دیاریکرا تا پاش نوێژی مەغریب وتار بدات، ئەویش شێخ مەجدی بوو..

---

1 - ئەوانەی کە ئەم ژمارە یەکەیان لێدراوە ناوی گەڕەکن لە شاری پێرس.

2- ئەم کوڕە باوکی مالیزییە و لە دایکبووی ئوسترالیایە، وکوللیەی بازرگانی تەواو کردووە.

8- پێش کاتیخەوتن باسی ئەوە بکرێ بۆچ ئەم گەشتەیان کردووە؟ ئەمیر خۆی ئەمەی گرتە ئەستۆ.

بەڵێ، بەمجۆرە بەرنامە رێکخرا، و هەریەکەی لەکاتی خۆیا جێبەجێ کرا.. کە لەمزگەوتی پێرسەوە بەرەو مزگەوتی کەنینگ رۆیشتین من و کاك مەحمود لە ترومبێلەکەی بوخاریدا بووین، و کوڕێکی صۆمالی و ئۆزیەیەك پێکەوە لەترومبێلی صۆمالیەکەدا بوون، و سەنگافووریەکەش ئۆزیەیەك و کوڕێکی (باشووری ئەفریکی) هەڵگرتبوو. شێخ مەجدی و عوسمانی کۆری پێکەوە، و حاجی راسیم ئەلبانیی و کۆڕێکی تری ئۆزی و برادەرە بۆرماییەکە بەترومبێلی خۆیان هاتن، و لەسەعات نۆی تەواودا نانی بەیانی ئامادەبوو، دەستمان بەنان خواردن کرد، تەبلیغییەکانی خەڵکی ئەوگەڕەکە خزمەتێ باشیان کردین، خوا پاداشتیان بداتەوە..

لەم گەشتەدا کە هەریەکە بەنوێن و پێخەفی خۆیەوە هاتبوو، و هەریەکە خواردنی خۆی لەسەر خۆی بوو، ئەم میللەت و نەتەوانە کۆببونەوە: صۆمالی، هیندی، سەنگاپوری، کوردی، سێ ئوستڕالیی (سپی پێست)، ئەفریکای باشوور، سێمیصری و بۆسنەیی و بۆرما ییەك.. لێرەدا گەورەیی ئەم ئیسلامە دەرئەکەوێ کە ئەم هەموو میللەت و نەتەوە جیاوازانە دەکاتە برا و بەڵکو لەبرایش خۆشەویستر، (يَا أيهَا الناسُ إنا خَلقناكُم مِنْ ذكرٍ وأنْثىَ وَجَعَلناكُمْ شُعُوبا وقَبائِلَ لتعَارَفوا إن أكرَمَكُمْ عِندَ اللهِ أتقاكُمْ إن اللهَ عَليمٌ خَبِيرٌ)[3].

لەراستیدا گەشتەکەمان گەشتێکی رۆحی زۆر خۆش و بەچێژ بوو، هەریەك لەحەنای براکەیا خۆی بە براپچووکی ئەوی تر دەزانی، هەریەکە دەیویست خزمەتی براکەی بکات، خۆبەزلزانین لەقامووسی ئەو گەشتەدا ناوی نەبوو، تووڕەبوون هەر نەبوو، هەریەکە لەحەنای خۆیەوە بەرووی‌خۆش و لێو بەخەندە بەرەو رووی براکەی دەبووەوە.

پاش نوێژی بەیانی دەرسیکی ئیمانیان هەبوو، پاش ئەوە نوێژی چێشتەنگاو، پاش ئەوە هەرکەس بیویستایە دەخەوت تا کاتی نان خواردنی بەیانی، پاش ئەوە چایی دەخورایەوە، و پشوویەك دەدرا، ئەوسا دەڕۆیشتنەوە بۆ مزگەوت و بەیان دەستی پێدەکرد و لەبارەی شەش خاڵە سەرەکیەکەی کاری تەبلیغەوە باس دەکرا.. 1- یەقین بە توانایی و دەسەلاتی بێسنووری خوا، 2- هاتنی پێغەمەران علیهم السلام لەسەرەتای مێژوەوە تا هاتنی موحەممەد صلی الله علیه وسلم بۆ خوا بەیەکناسین بووە، کە ئەویش لە وشەی تەوحیدا خۆی دەبینێتەوە. 3- نوێژکردن و پاداشتی نوێژ و عیقابی ئەوەی نایکات، 4- خۆشەویستی ئەصحاب و دانانیان بە پێشەنگ وچاولێکراو. 5- جیهاد فی سەبیلیللا کە ئەویش لای ئەوان بریتیە لە چوونە دەرەوەو تەبلیغکردن، بەلای کەمەوە لە مانگێکا سێ رۆژ. 6- ئیکرامی موسڵمانان.

پاش ئەوە نوێژی نیوەڕۆ بەجەماعەت کرا، و پاشان سفرە راخرا و بەکۆمەڵ نانی نیوەڕۆ لەکاتی دیاریکراوی خۆیا خورا، پاش چایی خواردنەوە تا کاتی نوێژی عەصر کاتێکی ئازاد بوو، هەرکەس بیویستایە دەخەوت یا قورئانی لەبەر دەکرد یا کتێبی دەخوێندەوە...

---

3 - سورة الحجرات/ 13.

نوێژی عەصر لەکاتی دیاریکراوی خۆیا بە جەماعەت کرا.. ئەوسا گەشتی گەڕەك دەستی پێ‌کرد، خەڵکی گەرەك ئەو ماڵە موسڵمانانەیان پێ دەزانی و لەبەیانیدا ئەدرەسەکانیان باسکراوەو یەکێکیان لەخەڵکی گەڕەك لەتەك خۆیانا وەك دەلیل دەبرد و قسەکەرێك و ئەمیرێك هەندێ جاریش زیاتر، دەڕۆیشتن بۆ ئەو ماڵانەو سەردانیان دەکردن، لەدەرگایان ئەدا، ئەگەر ئەو برادەرە لەماڵ بوایە، پاش چۆن و چاکی ئەیان گوت: ئەگەر کارتان نەبێ و مەوعیدتان نەبێ و رێمان بدەن ئێمە بۆ زیارەتی ئێوە هاتووین، دەمانەوێ ماوەیەك پێکەوە دابنیشین، ئەگەر ئەویش ئیجازەی دا ئەوا ئەڕۆیشتنە ماڵەوە و دائەنیشتن و لەبارەی دۆستایەتی وبرایەتی وغەریبایەتی وئەرکی ئیسلامی‌یەوە دەستیان بە قسەدەکرد. ئەگەر رێیشی نەدایە یا بیانوویەکی ببوایە ئەوا بەرووی خۆش وبەخواحافیزییەکی گەرمەوە دەگەڕانەوەو جێیان دەهێشت. ئەگەر فریا بکەوتنایە سەریان لە چەند ماڵێك دەدا.. ئەم گەشتەی ماڵان هەندێ جاریش لەنێوان مەغریب و عیشادا ئەنجام دەدرا..

بەڕاستی برایانی تەبلیغ لەم مەسەلەیەدا زۆر خۆگرو ئارامن، چونکە ئەوانەی تۆ بۆ سەردانیان دەچوویت هەمووی پیاوچاك و روو لەخوا نەبوون، هی وایان هەبوو هەر نەی ئەزانی دین چییە، بەڵام تەحەمولی قسەی رەق و ناخۆشیشیان ئەکردن و لەتەکیانا[4] بەشەڕ نەدەهاتن.

پاشان نوێژی مەغریبمان بەجەماعەت کرد و پاش نوێژ هەندێکی تر بۆگەشت دەچوونە دەرەوە، یا مەسائیلێك لەو شەش مەسەلە گرنگەی تەبلیغ باس دەکرا.. تا کاتی نوێژی عیشا دەهات، ئەوسا نوێژ بەجەماعەت دەکرا.. و نانی عیشا لەکاتی دیاریکراوی خۆیا دەخورا. پێش خەوتن دووبارە ئەمیری سەفەرەکە جارێکی تر هۆی هاتنە دەرەوەی کۆمەڵی یاد ئەخستەوە، کە ئێمە تەنیا لەبەر رەزامەندی خوا هاتوینەتە دەرەوە، ئەگەر یەکێك قسەیەکی باشی کردبێ لەم رۆژەیا و کەسێك تەعریفی کردبێت با ئەوە بەفەزڵی خوا بزانێت، نەك بە ئازایەتی خۆی، و لەبەشی نەفس و شەیتانیش داوای لێ خۆشبون لەخوا بکات..

---

4- پێم خۆشە لێرەدا رووداوێك تۆمار بکەم لەوکاتەدا کە لەپاکستان بووم برادەرێکم کە کە لەزانکۆدا دەرسی ئەگوتەوەو تەبلیغی بوو هەموو جارێ رووی لێ دەنام وئەیگوت: مامۆستا پێم خۆشە لەتەکمانا بێیتە دەرەوە، شەوێکیان منیش لەتەکیانا رۆیشتم و بەو گەڕەکانەدا گەڕاین، رۆیشتینە بەردەرگای ماڵێك و لەدەرگایان دا، ئافرەتێك هاتە دەرەوە،و گوتی: چیتان دەوێ؟ ئەوەی قسەکەر بوو گوتی: بێ زەحمەت مێردەکەت لەماڵەوەیە؟ گوتی: نەخێر. گوتی: بێ زەحمەت ئەگەر هاتەوە پێی بلێ تەبلیغییەکان لەمزگەوتن و پێان خۆشە ئەگەر تەشریف بهێنێ و هەندێ پێکەوە دابنیشین ولەباری ئیسلام ودینە کەمانەوە باس بکەین. ژنەکە هەتا هێزی تیابوو شیڕاندی وگوتی: نە ئیسلاممان ئەوێ و نەئەمانەوێ جارێکی تریش لەدەرگا بدەن.. ئەویش بە ئسلووبێکی پر لە ئەدەبەوە وەڵامی دایەوەو هاتینەدواوە..

من کە زمانم بەباشی نەدەزانی لەهاوەڵەکەم پرسی و ئەویش بۆی باسکردم کەئافرەتەکە چی گوتووە.. منیش لێوە لەرەم پێکەوت و زۆر بێتاقەت بووم، ئەویش گوتی: مامۆستا ئەو تاوانبار نییە کە وا دەڵێت!! ئێمە تاوانبارین کە گوێمان پێ نەداوە تا حاڵی بەم حاڵە گەیشتووە.!! ئەگەر ئێمە زووتر سەردانمان بکردنایە، و خواو پێغەممەر و پاشەرۆژمان بیر بخستنایەتەوە ئاوا لەدین دوور نەدەکەوتنەوە!!

**یەك شەممە**:03/10/19 ئەم بەیانیە نوێژی بەیانیمان لەمزگەوتی کەنینگ بەجەماعەت کرد. پاش نوێژ ئەهلی تەبلیغ کۆبوونەوەو بەرنامەیان بۆ ئەو رۆژە داڕشت کە چی بکەن و چی نەکەن. کارەکەی دوێنێ دوبارە دەبوەوە. بەڵام بە کەسانێکی ترو قسەکەرانێکی ترەوە..

جیاوازی ئەمڕۆ لەدوینێ ئەوەبوو، ئەمڕۆ لەدەماو دەمی خۆرئاوابوونا کاتێ گەڕاینەوە، کوڕێکی لاوی حافیزول قورئانیان هێنا و هەندێ مەسایلی رۆحی باسکرد و پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئێمە ئەگەڕێنەوە ئەرکمان چیەو چیدەبێ؟ کە بەراستی زۆر بەتام و چێژ بوو.. بۆ نمونە: ئەیوت: کە ئێمە ئەڕۆینەوە و لەم گەشتەماندا شتێکی باشمان بینیوە، یا شتێکی خێرمان بیستووە بۆ ماڵ و مندالمانی ئەگێڕینەوە، تا ئەوانیش ئەوکار کردەی لە تۆدا دروست بووە، لەوانیشا دروست ببێ، خوا دەفەرموێ:( يا أَيُّهَا الَذِينَ آمَنُوا قوا أنفسَكمْ وَأَهْلِيكمْ نَارًا وَقودُهَا النَّاسُ وَالحِجَارَة، عَلَيْهَا مَلائِكة غِلاظٌ شِدادٌ، لايَعصُونَ اللهَ مَا أمَرَهمْ، وَيفعَلُونَ مَا يُؤمَرونَ)[5]. فەرمانی پێکردووین، ماڵ ومنداڵ و ئەوانەی سەرپەرشتیان ئەکەین لەگوناه وکاری خراپە بیان پارێزین، و فێری کردەوەی چاکەو خوا پەرستی یان بکەین..

بەڵێ ئێوارە ئێمە ئەملاو لای یەکترمان ماچ کرد و داوای گەردن ئازادیمان لەیەکتر کرد، و هەریەکە بەرەو مەڵبەند و خانەو لانەی خۆمان پاش دووشەو و دوو رۆژ بەکۆڵێ بارگەی ئیمانییەوە هاتینەوە، لەراستیدا مەبەستم لەنووسینی ئەم چەند دێڕەدا ئەوەیە کە رەوشی تەبلیغییەکان لە بانگەوازی ئیسلامیدا بزانرێ، و تییر بەتارکیەوە نەنرێ..

بەرهەمی ئەو کارەی ئەمان ئەوەیە کە جگە لەوە موسڵمانانی کرچ وکاڵ لەبارەی دینەوە دەبووژێننەوە، ئەو موسڵمانانەش کە خەڵکی ئەم وڵاتەن و تازە موسڵمان بوون لەنگەریان دەگرن و پشتگیریان دەکەن و پتەو و بەهێزیان دەکەن..

لەم گەشتەدا سێ لاوی تازە موسڵمانیشمان لەتەکا بوو: رۆفائیل، ئەییوب و داود. پێم خۆش بوو لێیان بپرسم چۆن موسڵمان بوون؟ و هۆی موسڵمان بوونیان بزانم. هەرواش بوو، لێم پرسین و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە .. پشت بەخوا لەفرسەتێکی ترا باسیان دەکەین.

---

5 - سورة التحريم/ 6.